KOREK Telecom




(رووداوی وەرزشی) لە ئەڵمانیا سەردانی ماڵی ژیلوان حەمەد دەکات..

# «مەسعود ئۆزێل کورد بێت یان نا گرنگ نییە»

شێروان یاسین
رووداوی وەرزشی ـ هایدلبێرگ

لە شاری هایدلبێرگی ئەڵمانی، (رووداوی وەرزشی) سەردانی ماڵی ژیلوان حەمەدی یاریزانی کوردی هەڵبژاردەی سوێد و یانەی هۆفنهایمی ئەڵمانی کرد و هەڤپەیڤینێکی لەگەڵ ئەنجامدا. ئەویش درێسێکی خۆی پێشکەشی (رووداوی وەرزشی) کرد.

لەو هەڤپەیڤینەدا، ژیلوان لە وەڵامی پرسیارەکانی (رووداوی وەرزشی)دا باسی چەند بابەتێکی کرد، وەک پەیوەندییەکانی لەگەڵ زلاتان ئیبراهیمۆڤیچی ئەستێرەی هەڵبژاردەی سوێد و یانەی پاریس سانجێرمانی فەرەنسی و بڕی گرێبەستەکەی لە بۆندسلیگا. لە بارەی مەسعود ئۆزێلی یاریزانی ئەڵمانی بە رەگەز کوردی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا و یانەی ئارسناڵی ئینگلیزیش گوتی «بەلای منەوە گرنگ نییە ئەو کورد بێت، یان نا». ئەو هۆکاری ئەو بۆچوونەیشی لەسەر ئۆزێل بۆ (رووداوی وەرزشی) روونکردەوە.

ژیلوان حەمەد، ئەو درێسەی کە لەگەڵ یانە ئەڵمانییەکەی لەبەردەکات بە ئیمزای خۆی پێشکەشی (رووداوی وەرزشی) کردو هیوای خواست کە لەم هاوینەدا ببێتە یاریزانێکی سەرەکی لە ریزەکانی هەڵبژادەی نیشتیمانیی سوێد.

**لە ژمارەی داهاتووی (رووداوی وەرزشی)دا تەواوی هەڤپەیڤینەکە بخوێنەوە.**

WWW.RUDAW.NET

رووداو وەرزشی

ژمارە (334) سێشەممە 2015/1/13 23ی بەفرانبار 2714 (500) دینار

رۆژنامەیەکی وەرزشی هەفتانەیە کۆمپانیای رووداو بەسپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم دەریدەکا

لە ئێستاوە خۆی بۆ شکاندنی ریکۆردەکەی میسی ئامادە دەکات..



# رۆناڵدۆ باڵۆن دۆرەکەی گەیاندە ئاسمان

3«




## لە بایرن میونشن قەڵەوبوون و جلوبەرگی ناشیاو قەدەخەیە

5

## ئەنچیلۆتی هەردوو باڵی رۆناڵدۆ و کاسیاس دەشکێنێت

3«

ڕووداو وەرزشی
ژمارە (334) سێشەممە 2015/1/13



## بیکەنە نێودەوڵەتی

سەنگەر زراری ڕۆژنامەنووس، لە وتارێکدا باس لە گرنگی بەشدارییەکانی هەڵبژاردەی تۆپی پێی کوردستان لە پاڵەوانیەتییەکانی دەرەوەو تەنانەت یارییە دۆستانەکانیش دەکات و دەڵێت «پێویستە یەکێتی تۆپی پێی کوردستان هەوڵەکانی چڕبکاتەوە لەگەڵ یەکێتی تۆپی پێی عێراق کە سەرۆکەکەی کوردە، تاوەکو کار بۆ ئەوە بکرێت ساڵانە هەڵبژاردەی هەرێم یەک یان دوو یاری دۆستانەی نێودەوڵەتی و ڕێگەپێدراو لەلایەن فیفاوە ئەنجامبدات، وەک ئەوەی یەکێتی تۆپی پێی ئیسپانیا بۆ هەڵبژاردەی تۆپی پێی هەرێمی کەتەلۆنیای کردووە، کە ساڵانە بۆی هەیە یارییەک یان دوو یاری دۆستانە ئەنجامبدات، چونکە بەشداریکردنی هەڵبژاردەی تۆپی پێی کوردستان لە کۆڕوکۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکاندا گرنگی و بایەخی زۆری هەیە».

# لەناوچوون هەڕەشە لە یانە تاقانەکەی دەڤەری بارزان دەکات

## سەرۆکی یانە: 47 ملیۆن دینارم لە گیرفانی خۆم بۆ یانەکەم خەرجکردووە



**تایبەت بە ڕووداوی وەرزشی**

سەرۆکی یانەی وەرزشیی هەلۆی دەڤەری بارزان بە (ڕووداوی وەرزشی) ڕاگەیاند کە باری دارایی یانەکەیان زۆر خراپە، هیچ کەسێک هاوکاریان ناکات و گوتی «وەرزش بە دەرۆزەکردن بەڕێوەناچێت، ئەگەر بارودۆخەکە بەمشێوەیە بەردەوام بێت، لەوانەیە یانەکەمان لەناوبچێت».

هەرچەندە ئەم وەرزە یانەی تاقانەکەی دەڤەری بارزان بە نیازی ئەوەبوو لە خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان ئاستێکی بەرز پێشکەش بکات و بلیتێکی سەرکەوتن بۆ خولی نایابی یانەکانی کوردستان بکاتە بەشی خۆی، بەو پێیەی ئەم وەرزە یانەکە 21 یاریزانی لە یانەکانی دیکە هێناوەتە ریزەکانی خۆی، بەڵام بارە داراییە خراپەکەی ڕێگربووە لە هێنانەدی ئەو ئامانجە، کە تاوەکو ئێستا لە کۆی 7 یاری تەنیا 6 خاڵی کۆکردووەتەوەو پلەی 13هەمینی ریزبەندی یانەکانی گرتووە، کە بێگومان ئەمە ئەنجامێکی دڵخۆشکەر نییە بۆ هاندەرانی یانەکە. لەو بارەوە ئەحمەد خەلیل، سەرۆکی یانەی وەرزشیی هەلۆ بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت «ئەمساڵ لە ڕووی داراییەوە بارودۆخی یانەکەمان لە بن سفرە، لەگەڵ ئەوەشدا تیپێکی باشمان هەیە، بەڵام هۆکاری خراپی ئەنجامەکانمان زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە هەر یارییەکدا 5 تاوەکو 6 یاریزانمان پێکانیان هەیە، بێگومان بەمجۆرە ئەنجامان باش نابێت».

لە بارەی بڕی قەرزەکانی سەر یانەکەیان، ئەحمەد خەلیل گوتی»ئەمساڵ بڕی گرێبەستی یاریزانانی تیپەکەمان تەنیا 78ملیۆن دینارە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تاوەکو ئێستا یەک یاریزان یەک فلس پارەی گرێبەستی وەرنەگرتووە، کە مافێکی سروشتی خۆیانە. ئێمە ئێستا 85 ملیۆن دیناری ساڵی ڕابردوو قەرزارین و ماوەی 2 مانگە هیچ بڕە مووچەیەکی یاریزانانمان نەداوە». هەروەها ئەو سەرۆک یانەیە گوتیشی «ئەگەر هەر بەمشێوەیە بمێنینەوەو هیچ کەسێک هاوکاریمان نەکات، لەوانەیە نەتوانین بەردەوامبین و بگرە یانەکەشمان تێکدەچێت، چونکە ئێمە ناتوانین بەمشێوەیە وەرزش بکەین، وەرزش بە دەرۆزەکردن بەڕێوەناچێت».

ئەحمەد خەلیل، باس لەوەش دەکات کە پارەیەکی زۆری لە گیرفانی خۆی بۆ یانەکەی خەرجکردووە «تاوەکو ئێستا بڕی 47 ملیۆن دینارم لە پارەی ماڵی خۆم دەرهێناوە بۆ ئەوەی تیپەکەمان بەردەوام بێت و هیچ گرفتێک ڕێگەمان لێنەگرێت».

## گرێبەستی دوو یانەی عێراقی ڕەتکردووەتەوە..

# فەرحان شوکر: یاریزانی کورد ناتوانێت لە بەغدا یاریبکات

**کارزان کانەبی**
**ڕوداوی وەرزشی ـ کەرکووک**

فەرحان شوکر، یاریزانی پێشووی یانەی هەولێر بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت «پەیوەندیکردنم بە یانەی زاخۆ بۆ من زۆر باشترە لەوەی پەیوەندی بە یانەیەکی عێراقی بکەم، چونکە بۆ منی کورد لە کوردستان ئاسوودەترم».

هەرچەندە فەرحان شوکر بۆ ماوەی نیو وەرز پەیوەندی بە یانەی زەورای شاری بەغدا کردبوو، بەڵام نەیتوانی لە بەغدا ئاسوودەبێت، بەهۆی ئەو بارودۆخەی کە ئەو شارە تێیکەوتووە، بۆیە فەرحان شوکر بە فەرمی پەیوەندی بە یانەی زاخۆوە کرد. ئەو هۆکاری نەچوونی بۆ یانەکانی بەغداو شارەکانی دیکەی باشووری عێراق بۆ (ڕووداوی وەرزشی) ئاشکرا دەکات و دەڵێت «من بۆ ماوەی یەک قۆناخ پەیوەندیم بە یانەی زەوراوە کردبوو بەشێوەی خواستن، چونکە یاریزانی یانەی هەولێرم، جگە لەوەش هەندێک کێشەم لەگەڵ ڕاهێنەری یانەکە هەبوو، ئەو چەند هێرشبەرێکی هێنابوو، من پێمگوتن وەک یەدەگ یاری بۆ یانەی زەورا ناکەم، بۆیە بۆ من وا باشتربوو ریزی یانەکە جێبهێڵم». هەروەها فەرحان گوتیشی «جگە لەوەش ژیان لە شاری بەغدا بۆ من زۆر قورس بوو، چونکە نەمدەتوانی خێزانەکەم ببەمە ئەو شارەو هیچ خزمێکم نەیدەتوانی بێتە سەردانم، لەبەرئەوە پێمباشبوو هەرچی زووە بگەڕێمەوە هەرێمی کوردستان».

یاریزانی ناوبراو زیاتر باسی ڕەوشی بەغدا دەکات و دەڵێت «یاریکردن بۆ یاریزانی کورد لە بەغدا زۆر ئەستەمە، ئەو ماوەیەی لە شاری بەغداد بووم هەر لە ژوورەوە بوویمە، هیچ کات نەمتوانیوە بێمە دەرەوە، بارودۆخەکە زۆر ناخۆش بوو، من بێزاربووم، بۆیە بڕیارمدا بگەڕێمەوە کوردستان و بۆ یانەی زاخۆ یاری بکەم، کە یانەیەکی کوردییە و شارەکە هی خۆمانە، ئاسایش بەرقرارە، دەتوانم خێزانم ببەم و خزمەکانم سەردانم بکەن».

لە بارەی بوونی گرێبەستی دیکەش ناوبراو گوتی «هەریەک لە یانەکانی نەفتی شاری بەغدا و نەفتی باشوور دوایان لێکردم یاریان بۆ بکەم، بەڵام داواکاری ئەو دوو یانەیەشم ڕەتکردەوە بەهۆی ئەو بارودۆخەی کە زۆر ناخۆشە».



## لە پێناو خزمەتکردنی زیاتری یانەکەی..

# کاپتنی یانەی زاخۆ 3 خولی بیانی ڕەتدەکاتەوە

**کارزان کانەبی**
**ڕووداوی وەرزشی ـ زاخۆ**

ساڵح جابر، کاپتنی یانەی وەرزشیی زاخۆ بە (ڕووداوی وەرزشی) ڕاگەیاند «ئەمساڵیش چەندین گرێبەستم لە یانەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان بۆ هاتبوو، بەڵام حەزمکرد بەردەوام بم لە خزمەتکردنی یانەی زاخۆ».

ئەم وەرزە یانەی زاخۆ خاوەن ئاستێکی بەرزە لە یارییەکانی خولی نایابی یانەکانی کوردستان و ئەنجامەکانی وەک پێویستە، ئەوەش بۆ وەفاداری و لەخۆبوردەیی یاریزانەکانی دەگەڕێتەوە. ساڵح جابری کاپتنی تیپەکە باشترین بەڵگەیە بۆ ئەو ڕاستییە، کە ئەو بۆ چەند ساڵێکە بە درێسی یانەکە پارێزگاری لە ڕەنگەکانی یانەی زاخۆ دەکات، سەرەڕای ئەوەی هەمیشە جێی داخوازی یانەکانی ناوەوەو دەرەوەی هەرێم بووە، کە بە قسەی خۆی ئەمساڵیش بێجگە لە گرێبەستە ناوخۆییەکان، 3 گرێبەستی دەرەکیشی لە خولەکانی تایلەند و عومان و بەحرێنەوە پێشکەشکراوە، بەڵام ئەو ئامادە نەبووە لە بەرامبەر هیچ بڕە پارەیەک دەستبەرداری یانەی زاخۆ بێت.

ساڵح جابر، لەو بارەوە بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت «ئەمساڵ خۆم حەزمکرد لە یانەی زاخۆ درێژە بە کاروانی وەرزشیی خۆم بدەم، چونکە ماوەیەکی زۆرە لە یانەکە بەردەوامم و کارگێڕی ئەو یانەیەش زۆر ڕێزیان گرتووم». ئەو دەشڵێت «هەر لەبەرئەوەیە کە هەموو گرێبەستەکانم ڕەتکردووەتەوە، تەنانەت گرێبەستم لە یانەکانی خولەکانی تایلەند و عومان و بەحرێنیش بۆ هاتبوو، بەڵام بە هیچ جۆرێک ئامادە نەبووم لە پێناو ئەواندا یانەی زاخۆ جێبهێڵم بەرامبەر بە هەر شتێک». هەروەها گوتیشی «مانەوەی من لە زاخۆ لەبەرئەوە بووە کە من پەیوەندیەکی زۆر بەهێزم لەگەڵ یاریزانان و سەرۆک و دەستەی ڕاهێنەران و هاندەرانی یانەکە هەیەو هەرگیز بۆ پارە ریزەکانی یانەی زاخۆ جێناهێڵم».

ئەو کاپتنەی یانەی زاخۆ متمانەیەکی زۆری بە خۆی و هاوڕێکانی هەیە، کە لەم وەرزەدا بتوانن ئاست و ئەنجامی زۆر باش بۆ یانەی زاخۆ بەدەستبهێنن «ئەمساڵ تیپێکی زۆر بەهێزمان هەیە، پەنا بەخوا دەتوانین لە خولی کوردستاندا ئەنجامی باش بەدەستبهێنین».





**ئەرسەلان عەبدوڵڵا**

# کێ باشترینی کوردستانە؟

دوێنێ ئێوارە ئاهەنگی باڵۆن دۆر، تۆپی زێڕین، خەڵاتی باشترین یاریزانی جیهان لە 2014، لەگەڵیدا دیاریکردنی باشترین ڕاهێنەر و تیپ، هەروەها جوانترین گۆڵ و کۆمەڵێک خەڵاتی دیکە بەڕێوەچوو.

پێش ئەو خەڵاتەش، لە کۆتایی 2014دا لە دەیان شوێن و وڵاتدا، باشترین یاریزان و وەرزشوانی ساڵ دیاریکران و ئاهەنگیان بۆ سازکرا.

خەڵاتی باشترینەکانی ساڵ، بۆ هەڵسەنگاندن و بەخششەکانی ساڵێکی هەر وەرزشوانێکە، بۆ ئەوەی هەمووان لەبیریان بێ و ڕێز لە ماندووبوون و کۆششەکانی بگرن.

ئەمە هاندانێکی گەورەیە بۆ بەردەوامبوون و لە هەمان کاتدا کۆمەڵێک ڕەهەندی دیکەی هەیە. بەڵام دەمەوێ بپرسم، ئەی کێ وەرزشوانی ساڵ و باشترین یاریزانی کوردستانە؟

بۆچی لە باشووری کوردستاندا بە تایبەتی، ئەو مەراسیم و هەڵسەنگاندنانە ناکرێت، ئایا وەرزش لەو پارچەیەدا بوونی نییە، یان ئێمەین دەستەوەستانین لە بەردەم پرۆسەیەکی وا گرنگدا؟

لە دنیادا دەزگە وەرزشییە پەیوەندیدارەکان و ڕۆژنامەوانان و دامەزراوەکان ئەرکی دەستنیشانکردنەکان لە ئەستۆدەگرن، بەشێکیشی دەکەوێتە ئەستۆی ڕۆژنامەوانان و دەزگە میدیاییەکان، ئەی لە کوردستان دەزگەو دامەزراوەی وەرزشی و میدیاییمان نییە؟

ڕاستە 2014 ساڵێکی زۆر ناخۆش بوو بۆ کوردستان، پارەو بودجە نەبوو، شەڕی داعش هاتەئاراو کوردستان تا ئێستاشی لەگەڵدابێت، بارێکی نائاسایی هەیە، بەڵام نەوەک ئەمساڵ، بەڵام چەند ساڵێکە ئەو پرۆسەیە ئەنجامنەدراوەو پێموایە لەوەتەی وەزارەتی وەرزش و لاوانی ڕەحمەتیی سەردەمی کابینەی شەشەمی حکومەتی کوردستانەوە لە ئاستێکی فەرمیدا نەکراوە، ئەمە لە کاتێکدا ساڵی ڕابردوو، هەروەها ساڵانی ڕابردووش خول و چالاکییەکان بەردەوامییان هەبوو، بەشدارییەکانی تیپ و یانەو وەرزشوانان و پاڵەوانانی کوردستانیش لە ئاستی عێراق و دەرەوەدا کەم تا زۆر بەرهەمی هەبووە، کە لە ژێر ڕۆشنایی بارودۆخگەلێکی وادا دەستکەوتەکان کەمنەبوون، بە تایبەتی ئەمساڵ.

پێشتر لە هەولێر یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان دوو سێ ساڵێک باشترینەکانی دەستنیشاندەکرد، کە ئەویش بێ کەموکوڕی نەبوو، بەڵام خراپیش نەبوو، ئەوەی جێی داخیشە، لە باشووری کوردستاندا کارێکی وانەکراوە، بە ڕەخنەو شکاندن پەلامار نەدرابێت، بۆیە لە کۆتاییدا درێژەی نەبووەو جۆرێک لە ترسی بۆ ئەنجامدەرانی دروستکردووە، کە جارێکی دیکە دەست بۆ کاری لەو جۆرە نەبەن.

ڕۆژنامەوانانی کوردستانیش، کە پێویستە بەشێکی زیندوو و گرنگی دروستکردنی ئەو جۆرە بۆنەو دەستنیشانکردنانەبن، کەچی ئەوان لەبری دەستنیشانکردنی باشترینەکانی وەرزش، لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا خەریکی ڕاپرسیی بێسەروبەر و ناڕێکن بۆ دەستنیشانکردنی باشترینەکانی خۆیان، بەداخەوەش هەندێ شوێن و میدیای دیکە خۆیان بە باشترینەکانی جیهان خەریک کردووەو کوردستانیان لەبیرکردووە.

وەرزش و وەرزشوانانی کوردستان، سەرەڕای بارودۆخی سەخت و توانایەکی کەمی دارایی و لاوازییەکی زۆری ژێرخانی وەرزشی و کەمیی کادیری شارەزاو کۆمەڵێک کێشەو گرفتی دیکە، بەڵام شایەنی ئەوەن هەڵسەنگاندنیان بۆ بکرێت و ساڵانەش باشترینەکانیان خەڵاتبکرێن، چونکە ئەم کارە بۆ پێشکەوتنی زیاتر و هاندان و بەرچاوخستنی تواناو دەستکەوتەکان پێویستە.



ڕووداو وەرزشی
ژمارە (334) سێشەممە 2015/1/13

## پارەپەرستە



دوای ئەوەی جیان ئەساموای ئەستێرەی غانی یانەی عەینی ئیماراتی ڕەخنەی لە یەکێتی تۆپی پێی ئەفریقیا گرت، بەهۆی ئەوەی کە ناوی لە لیستی پاڵێوراوانی بردنەوەی خەڵاتی تۆپی زێڕینی تایبەت بە کیشوەری ئەفریقیادا نەبووە، ئەحمەد میدۆی یاریزانی پێشووی هەڵبژاردەی میسر وەڵامی دایەوەو ڕووی قسەکانی کردە جیان و گوتی «تۆ بۆت نییە ڕەخنە بگری، چونکە تۆ بۆ پارە ڕیزەکانی یانەی سەندەرلاندت جێهێشت و چوویە خولی ئیماراتی، ئەوەی پارەپەرست بێت نابێ چاوی لەوە بێت ببێتە باشترین یاریزانی کیشوەرەکەی».

### باڵۆن دۆرەکەی کردە دیاری ڕۆحی باوکی..

# کریستیانۆ دەبێتە هاوتای ڕۆناڵدۆ و زیدان



**ئا: ئیحسان تاهیر**

دوێنێ شەو لە شاری زیورخی سویسری، یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی لە ئاهەنگێکی تایبەتدا خەڵاتی باڵۆن دۆری تایبەت بە باشترین یاریزانی 2014ی جیهانی بە کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی ئەستێرەی پورتوگالی یانەی ڕیال مەدریدی ئیسپانی بەخشی. ئەویش گوتی «ئەم خەڵاتە بۆ گیانی باوکم دەنێرمە ئاسمان».

لەو ئاهەنگەدا کە زۆر لە کەسایەتی و ئەفسانەکانی تۆپی پێی جیهان ئامادەی بوون، هەوادارانی لیۆنێل میسی ئەستێرەی ئەرجەنتینی و مانوێل نویەری گۆڵچی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا، چەپڵەیان بۆ ڕۆناڵدۆ لێدا، دوای ئەوەی زۆرترین دەنگی کاپتن و ڕاهێنەری هەڵبژاردەکانی جیهان و ڕۆژنامەنووسانی کۆکردەوەو لەلایەن فیفاوە بۆ جاری سێیەم باڵۆن دۆری پێبەخشرا.

ئەنجامی باڵۆن دۆری 2014 بە پێچەوانەی زۆر لە ساڵانی پێشوو چاوەڕوانکراو بوو، بەو پێیەی بەر لە ئاشکراکردنی ئەنجامەکان، ڕۆناڵدۆ لەلایەن بەشێکی زۆری چاودێرانی تۆپی پێ لە هەردوو ڕکابەرەکەی بە شایستەتر دادەنرا بۆ بردنەوەی خەڵاتەکەی، بەو پێیەی ساڵێکی نموونەیی پێشکەشکردو چەندین دەسکەوتی تاکەکەسی و بە کۆمەڵی بردووەتەوە. هەروەها توانی کۆمەڵێک ڕیکۆردیش بشکێنێت. سەرەڕای ئەوەی وەک هەوادارانی میسی و نویەر باسیدەکەن «ئەو نەیتوانی لە مۆندیالدا ئاستێکی باش پێشکەش بکات و هەڵبژاردەکەی بە ئاست و ئەنجامێکی خراپەوە لە قۆناخی یەکەمی مۆندیال دەرکرا».

هەرچی مانوێل نویەری گۆڵچی ئەڵمانییە، کە بە ڕکابەرە بەهێزەکەی ڕۆناڵدۆ دادەنرا، سەرەڕای ئەوەی ئەڵمانییەکان بەرلە دەستنیشانکردنەکە هەڵمەتێکی گەورەی پشتگیریان بۆ ئەنجامداو ڕایانگەیاند «پێویستە براوەی جامی مۆندیال باشترین یاریزانی جیهان بێت». تەنانەت سەرۆکەکانی فیفا و یویفاش هەمان قسەیان کرد، بەڵام دەنگدەران گوێبیستیان نەبوون و دەنگی خۆیان بە ڕۆناڵدۆ دا.

لیۆنێل میسی، پاڵێوراوی سێیەم کەمترین دەرفەتی بردنەوەی خەڵاتەکەی هەبوو، چونکە بێجگە لە گەیاندنی هەڵبژاردەی وڵاتەکەی بۆ یاری کۆتایی مۆندیال و بردنەوەی خەڵاتی باشترین یاریزانی مۆندیال نەیتوانی هیچ دەستکەوتێک لە 2014 بەدەستبێنێت، هەر بۆیە خۆیشی بەر لە ئاهەنگی خەڵاتەکە بە چەند کازێرێکی کەم دانی بەو ڕاستییەدا ناو گوتی «چانسی من زۆر کەمە، من تەنیا بۆ بەسەربردنی کاتێکی خۆش دەچمە ئاهەنگەکە». تەنانەت پەسنی ڕۆناڵدۆی ڕکابەرە تەقلیدییەکەی داو گوتی «ڕۆناڵدۆ ساڵێکی نموونەیی پێشکەش کردووە».

ڕۆناڵدۆ وەک زینەدین زیدانی ئەفسانەی تۆپی پێی فەرەنساو ڕۆناڵدۆی دیارەی تۆپی پێی بەرازیل بووە خاوەنی 3 خەڵاتی باڵۆن دۆر، کە بێگومان لە ئێستاوە خۆی ئامادە دەکات بۆ ئەوەی خەڵاتەکەی 2015ش بکاتە بەشی خۆی و لەگەڵ میسی یەکسان بێت، کە تاکە یاریزانە لە مێژوودا 4 باڵۆن دۆری بردبێتەوە.

### 3 دەنگەکانی ڕۆناڵدۆ

ڕۆژنامەی ASی ئیسپانی ئاشکرایکرد، کە ڕۆناڵدۆ وەک کاپتنی هەڵبژاردەی پورتوگال مافی دەنگدانی هەبوو لە هەڵبژاردنی باشترین یاریزانی 2014 و 3 دەنگەکەی خۆی بە 3 هاوڕێی لە ڕیال مەدرید داوەو نووسیویەتی «ڕۆناڵدۆ دەنگی یەکەمی بە سێرجیۆ ڕامۆسی ئیسپانی داوەو دەنگی دووەمیشی بە کەریم بنزیمەی فەرەنسی داوە. سێیەم دەنگیشی بۆ گاریس بەیلی وێڵزی بووە».

### ڕۆناڵدۆ لە 2014 چیکردووە؟

وەک ئاماژەمان پێکرد، زۆر لە چاودێران بەر لە ئاهەنگەکە گوتیان «ڕۆناڵدۆ بۆ بردنەوەی باڵۆن دۆر بێ ڕکابەرە». دوای ئاهەنگەکەش گوتیان «ڕۆناڵدۆ شایستەترین کەس بوو بۆ ئەو خەڵاتە». بێگومان ئەوەش لەبەر ئەو ژمارە سەرسوڕهێنەرانەیە کە ئەو لە ساڵی 2014دا تۆماریکردوون و ئەمانە هەندێکیانن:


* گۆڵکاری چامپیۆنسلیگ بە 17 گۆڵ و گۆڵکاری خولی ئیسپانیا بە 31 گۆڵ.
* گۆڵکاری وەرزی وەرزشیی (یانەکان) بە 51 گۆڵ و گۆڵکاری وەرزی وەرزشیی (یانەکان و هەڵبژاردەکان) بە 61 گۆڵ.
* گۆڵکاری مێژوویی هەڵبژاردەی پورتوگال بە 51 گۆڵ و چوارەم گۆڵکاری مێژوویی ڕیال مەدرید.
* بووە یەکەم یاریزان 4 وەرزی لە دوای یەک 50 گۆڵ زیاتر تۆماربکات و بووە یەکەم یاریزان لە 9 یاری لە دوای یەک لە چامپیۆنسلیگ گۆڵ تۆماربکات.
* بووە یەکەم یاریزان لە 2 یاری کۆتایی چامپیۆنسلیگ و لەگەڵ 2 یانەی جیاواز گۆڵ تۆماربکات.
* بووە دووەم یاریزان لە مێژووی ڕیال مەدرید 2 گۆڵ لە یارییەکی کۆتایی ئەوروپا تۆماربکات.
* بووە یەکەم یاریزان لە 13 یاری لە دوای یەک گۆڵ تۆماربکات (یانە و هەڵبژاردە).
* بووە یەکەم یاریزان لە مێژووی ڕیال مەدرید زیاتر لە 30گۆڵ لە 4 وەرزی لە دوای یەک تۆماربکات.
* زۆرترین گۆڵی لە قۆناخی دەرکردن لە چامپیۆنسلیگ تۆمارکردووە کە 33 گۆڵە.
* بووە دووەم یاریزان لە 6 پاڵەوانیەتی گەورەی لە دوای یەک گۆڵ تۆماربکات.
* بووە دووەم یاریزان لەگەڵ هەڵبژاردەی پورتوگال بەشداری لە زۆرترین یاری بکات، کە 115 یارییە.
* خەڵاتی پێڵاوی زێڕینی وەرزی 2013 ـ 2014 بەدەستهێناوە.
* جامی شای ئیسپانیاو نازناوی چامپیۆنسلیگ و جامی سوپەری ئەوروپاو مۆندیالی یانەکانی بەدەستهێناوە.



### باشترینەکانی دیکە

- پێکهاتەی نموونەیی: گۆڵچی: مانوێل نویەر (ئەڵمانیا).
- هێڵی بەرگری: سێرجیۆ ڕامۆس (ئیسپانیا)، فلیپ لام (ئەڵمانیا)، داڤید لویز (پاریس سانجێرمان) و تیاگۆ سێلڤا (پاریس سانجێرمان).
- هێڵی ناوەڕاست: ئەندرێس ئینێستا (ئیسپانیا)، تۆنی کرووس (ئەڵمانیا) و ئەنخێل دیماریا (ئەرجەنتین).
- هێڵی ناوەڕاست: لیۆنێل میسی (ئەرجەنتین)، کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ (پورتوگال) و ئارییێن ڕۆبن (هۆڵەندا).
- باشترین یاریزانی ئافرەت: نادین کێسلەر (ئەڵمانیا)
- باشترین ڕاهێنەری پیاو: یواکیم لۆف (ئەڵمانیا)
- باشترین گۆڵچی: مانوێل نویەر (ئەڵمانیا)
- جوانترین گۆڵی ساڵ: جیمیس ڕۆدریگێز (کۆلۆمبیا).

# باڵۆن دۆر چۆن دروست دەکرێت؟



**ئا: ڕووداوی وەرزشی**

گشت هەواداران و بینەرانی وەرزش بە خرۆشەوە گوێبیستی هەواڵەکانی بەخشینی خەڵاتی تۆپی زێڕین دەبن، کە دەدرێتە باشترین یاریزانی ساڵ، بەڵام کەمێک لەوانە نهێنییەکان و شوێنی دروستکردنەکەی دەزانن.

خەڵاتی باڵۆن دۆر (تۆپی زێڕین)، لە ساڵی 1956 لەلایەن گۆڤاری فرانس فوتبۆلی فەرەنسی دانراوە بۆ ئەوەی ببەخشرێتە باشترین یاریزانی هەر ساڵێک، بۆ دروستکردنی ئەو خەڵاتەش بەرپرسانی گۆڤارەکە پەنایان بردە بەر دەزگایەکی تایبەتمەند لە بواری خشڵ و قاڵبی زێڕ کە ئەویش دەزگای "میلیرۆ دیس میلیرۆ"یە و مێژووی دامەزراندنەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1613، واتە ماوەی 4 سەدەیە لەو بوارەدا کاردەکات و لە ڕابردوودا چەندین شتی ناوازە و شاهانەی بۆ پاشاکانی ئەوروپا دروست کردووە.

لەگەڵ ئەوەی کە زۆر لە جام و خەڵاتەکانی تۆپی پێ، وەک جامی پاڵەوانیەتییە نێودەوڵەتییەکان و ئەوروپییەکان و گشت جامەکانی دیکە، بە درێژایی مێژوودا چەندین گۆڕانکاری بەسەر شێوە و قەبارەیاندا هاتووە، بەڵام باڵۆن دۆر تاوەکو ئێستا بە هەمان شێوەی یەکەمی ماوەتەوە، واتە ئەو تۆپەی کە کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ دوێنێ وەریگرت هەمان شێوەو قەبارەی هەیە لەگەڵ ئەو تۆپەی کە لە ساڵی 1956 و بۆ یەکەمینجار درا بە ئەلفرێدۆ دی ستیفانۆ.

فرانسۆ میلیرۆ، بەڕێوەبەری جێبەجێکار لە دەزگای میلیرۆ بۆ خشڵ و زێڕ، لە بارەی ئەو خەڵاتەوە دەڵێت "دروستکردنی باڵۆن دۆر پێویستی بە سەدان کاژێر کارکردن هەیە لەلایەن چەندین پیشەگەر و دەست ڕەنگینی بواری خشڵ و شێوەی زێڕ".

تۆپەکە لە دوو پارچەی نیوە تۆپی مس پێکدێت کە بە زێڕ بەیەکەوە دەبەسترێنەوە بۆ ئەوەی بە هەردووکیان شێوەی تۆپێک بدەن، ئینجا چەند هێڵێک بە وردی و بە جوانییەکی کەموێنە لەسەر دەکێشرێن، لە قۆناخی کۆتاییشدا دەستەواژەی FIFA BALLON D'ORی بە زێڕ لەسەر دەنووسرێت لەگەڵ ناوی براوەی خەڵاتەکە، دوای ئەوەش کۆی خەڵاتەکە لە زێڕ هەڵدەکێشرێت و لەسەر ستاندەکە دەچەسپێنرێت و ئامادەدەبێت بۆ بەخشینی بە باشترین یاریزانی ساڵ.



«ئەنچیلۆتی هەردوو باڵی ڕۆناڵدۆ دەشکێنێت»

### شەڕ لەناو ماڵی مەدریدی هەڵگیرسایەوە..

# BBC دوو لەت دەبێت

### پیریز بۆ ئەنچیلۆتی:

### چۆن بەزەییت بە بارسیلۆنادا دێتەوە کە ئەو هیچ کاتێک بەزەیی بە ئێمەدا نەهاتووەتەوە

**ڕووداوی وەرزشی ـ GULF NEWS**

ڕۆژنامەیەکی نزیک لە یانەی ڕیال مەدرید ئاشکرای دەکات کە کێشە کەوتووەتە نێوان هەرسێ هێرشبەرەکەی ئەو یانەیە، کە بە BBC ناسراون. ماڵپەڕێکی ئەلیکترۆنیش دەڵێت «سەرۆک و ئەندامانی دەستەی کارگێڕی ئەو یانەیە زۆر لە کارلۆ ئەنچیلۆتی ڕاهێنەری یانەکە تووڕە بوونە».

ڕۆژنامەی مارکا لە هەواڵێکدا دووپات دەکاتەوە کە ئێستا پەیوەندی نێوان 3 هێرشبەری ناسراو بە BBC زۆر خراپەو نووسیویەتی «کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ و کەریم بنزیمە لە دژی گاریس بەیل کەوتوونەتە بەرەیەکەوە». ئەو ڕۆژنامەیە باس لە هۆکارەکانی ئەو کێشەیە دەکات و دەڵێت «ڕۆناڵدۆ و بنزیمە هەستدەکەن بەیل لە زۆر هێرشی ڕیال مەدریددا بە ئەنقەست پاسیان پێنادات، بەیڵیش پێیوایە ئەو دوو هاوڕێیە بە بێ پاساو ئەو شتەیان گەورە کردووە». هەروەها مارکا نووسیویەتی «لە مەشقەکانی ڕیال مەدریددا زۆر بە ئاشکرا ساردییەکی زۆر لە پەیوەندییەکانی نێوان ئەو سێ یاریزانەدا دەبینرێت».

دوای یارییەکەی ئیسپانیۆل و ڕیال مەدریدیش ڕۆناڵدۆ خۆی لە بەیڵ تووڕەکرد کاتێک پاسێکی پێینەداو جەماوەری ڕیال مەدریدیش وەک پشتگیرییەک لە ڕۆناڵدۆ فیکەیان لە دژی بەیل لێدا.

ڕۆژنامەی ASی نزیک لە ڕیال مەدریدیش پەردەی لەسەر نهێنییەکی تایبەت بە یارییەکەی ڕیال بەرامبەر ئەتلەتیکۆ مەدرید لە جامی شای ئیسپانیا هەڵدووەتەوە، کە بە گوێرەی ئەو سەرچاوەیە پەیوەندی نێوان کارلۆ ئەنچیلۆتی و ڕۆناڵدۆ کەمێک ساردی تێکەوتووە، ئەمەش لەبەر دوورخستنەوەی دۆن لە دێربی مەدرید بوو، کە ڕیال یارییەکەی بە ئەنجامی 2 گۆڵی بێبەرامبەر دۆڕاند.

ئەو ڕۆژنامەیە لەو بارەوە دووپاتیدەکاتەوە «ڕۆناڵدۆ دوای ئەوەی زانیویەتی ناوی لەنێو پێکهاتەی سەرەکی یانەکەیدا نییە، بە خێرایی ژووری جلگۆڕینی جێهێشتووەو بە بڕیارەکە ڕازی نەبووە». هەروەها ڕۆژنامەکە دەڵێت «ڕۆناڵدۆ بۆیە وایکردووە تاوەکو لەبەر تووڕەیی بە ڕووی ڕاهێنەرەکەیدا نەتەقێتەوە».

لەلایەکی دیکەوە ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی ڕۆژنامەی دیفنسا سۆنترالی ئیسپانی ئاشکرایکردووە کە فلۆرەنتینۆ پیریزی سەرۆکی یانەی ڕیال مەدرید و ئەندامانی دەستەی کارگێڕی ئەو یانەیە زۆر لە کارلۆ ئەنچیلۆتی ڕاهێنەر تووڕەبوونە بەهۆی ئەو لێدوانەی سەبارەت بە بارسیلۆنا داویەتی و گوتوویەتی «پێمناخۆشە کێشە لەناو بارسیلۆنادا ڕوویدات». چونکە وەک لە هەواڵی ئەو ماڵپەڕەدا هاتووە «پیریز و پیاوەکانی پێیانوایە پێویستە ئەنچیلۆتی خەمی کێشەکانی یانەکەی و ئەنجامە خراپەکانی ئەم دواییەی بخوات نەک خەم لە یانە ڕکابەرەکەیان، کە پیریز بە هیچ شێوەیەک نایەوێ کەس بەزەیی بە بارسیلۆنادا بێتەوە». تەنانەت ئەو ماڵپەڕە نووسیویەتی «پیریز بە ئەنچیلۆتی گوتووە بۆچی تۆ بەزەییت بە بارسیلۆنادا دێتەوە، بەڵام ئەو بەزەییان بە ئێمەدا نەدەهاتەوە کاتێک کێشە کەوتە نێو ماڵی مەدریدی و ئەوان بە 5 ـ 2 و 5 ـ هیچ لێیان بردینەوە».

سەرچاوەیەکی نزیک لە یانەی شاهانەش ئاشکرایکرد کە ئەنچیلۆتی لە لێدوانێکدا ویستوویەتی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی میسییەوە هەردوو باڵی کریستیانۆ بشکێنێت و وایلێبکات سنووری خۆی بزانێت، کاتێک گوتی «هەموو یاریزانانی یانەکەم دەبێ ئەو ڕاستییە بزانن کە بڕیاری یەکەم و کۆتایی بەدەست منە». هەروەها گوتیشی «میسی یاریزانێکە کەس ناتوانێت وەسفی بکات، جێگەی لە هەموو یانەیەک بە ڕیال مەدریدیشەوە دەبێتەوە».



18

ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییەکانی بەریتانیا ئاشکرایانکرد کە ماریۆ باڵۆتێلی هێرشبەری ئیتاڵی یانەی لیڤەرپوولی ئینگلیزی لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا 18 جار بەهۆی سەرپێچیکردن لە یاساکانی هاتووچۆ تووشی سزادان بووەو لەو بارەوە نووسیویانە «هەندێجار باڵۆتێلی ئۆتۆمبیلەکەی بە خێرایی 200 کیلۆمەتر لە کاژێرێکدا لێخوڕیوە لەو شوێن و جادانەی کە یاسا خێرایی 130 کیلۆمەتر لە کاژێرێکی بۆ داناوە». هەروەها نووسیویانە «ئۆتۆمبێلە فێرارییە گرانبەهاکەی یاریزانی لیڤەرپوول هۆکارێکی سەرەکی ئەو هەموو سەرپێچیانەی بووە».

## بڕوا بکەی یان نا..؟!

# موسا پێش هەمووان دەکەوێت و لای ئیسپانییەکانیش بانێکە و دوو هەوا

**ئا: ڕەمزی میرەکانی**

لە جیهانی وەرزش بە گشتی و تۆپی پێ بەتایبەتی، زۆر بەسەرهات ڕوودەدەن کە بڕوا پێکردنیان زەحمەتە، بەڵام لە ڕاستیدا ڕوودەدەن:

## یاریزانە قژ سەیرەکان هەرا دەنێنەوە



پێدەچێت بوونی هەندێک یاریزانی بیانی لە خولی سعوودیەدا لەم ساڵانەی دواییدا، لایەنێکی نەرێنی بەدوای خۆیدا بنێت، ئەمەش لەبەر قژ بڕینی سەیری ئەو یاریزانانەیە لە یارییەکاندا، کە مشتومڕێکی زۆری لە نێو هاندەرانی یانەکان ناوەتەوە، چونکە زۆر لەو یاریزانە بیانیانەی یاری لەو خولەدا دەکەن بە مۆدێلی زۆر سەیر قژەکانیان دەبڕن. هەندێک پێیانوایە شتێکی ئاساییە، چونکە ئەوان کەسانی بیانین، بەڵام هەندێک پێیانوایە دۆزینەوەی چارە بۆ نەهێشتنی ئە و دیاردەیە پێویستە، نەخاسمە ئەو دیاردەیە دیاردەیەکی نەخوازراوە. لایەنێکی نەرێنی ئەو قژ بڕینە کە زۆربەی چاودێرن باسی دەکەن، لەوانەیە گەنجانی سعوودیە چاویان لێبکەن، ئەمەش بە خراپە بەسەر ڕەفتار و ڕووخساری دەرەوەیان دەشکێتەوە، بە تایبەتی کە جلی سعوودی جلێکی دیارە و لەگەڵ ئەو جۆرە قژ بڕینانە ناگونجێت.

## موسا پێش هەمووان دەکەوێت



ڕۆژنامەی مارکای ئیسپانی ڕاپۆرتێکی لە بارەی خێراترین یاریزانانی پریمەرلیگ بڵاوکردووەتەوەو ئاماژەی بەوە کردووە کە لەم وەرزەدا موسا سیسۆکۆی یاریزانی یانەی نیۆکاسل خێراترین یاریزانی پریمەرلیگەو لە یەک کاژێردا 35.3 کیلۆمەتر ڕادەکات. دوای ئەوەیش ویلفرێد زاهای یاریزانی مانچستەر یونایتد دێت کە بە خواستن یاری بۆ یانەی کریستال پالاس دەکات، خێرایی زاها لە کاژێرێکدا 35.2 کیلۆمەترە. پلەی سێیەمی لیستی خێراترین یاریزانانی پریمەرلیگ لەم وەرزەدا بەر مارسین ڤاسیلفسکی یاریزانی لیستەر سیتی و ستیوارت داونینگی یاریزانی وێستهام کەوتووە، کە لە کاژێرێکدا 35.1 کیلۆمەتر ڕادەکەن. دییگۆ کۆستای هێرشبەری چێڵسی و سێرجیۆ ئەگوێرۆی هێرشبەری مانچستەر سیتی لە پلەی چوارەم دێن و لە کاژێرێکدا 34.7 کیلۆمەتر ڕادەکەن، لە دوای ئەوانیش ئەلیکسیس سانچێزی ئەستێرەی ئارسناڵ دێت کە لە کاژێرێکدا 34.6 کیلۆمەتر ڕادەکات، دوایین یاریزانی لیستەکەش، لۆک شۆی بەرگریکاری مانچستەر یونایتدە، کە لە کاژێرێکدا 34.2 کیلۆمەتر ڕادەکات.

## لای ئیسپانییەکان بانێکە و دوو هەوا



تۆڕی دیفنسا سێنترالی ئیسپانی ڕەخنەی لە ڕۆژنامەکانی ئیسپانیا گرت، کە بە بایەخەوە باسیان لە ڕووداوەکەی دییگۆ سیمیۆنی لەگەڵ کوڕەکەی لە کاتی یارییەکەی ئەتلەتیکۆ مەدرید و ڕیال مەدرید لە قۆناخی هەشتەمی جامی شای ئیسپانیا کردبوو، کە دوای هەردوو گۆڵەکەی ئەتلەتیکۆ مەدرید، باوک و کوڕ باوەشیان بەیەکدا دەکرد، تۆڕەکە هەمان کردەوەی مۆرینیۆ و کوڕەکەی بەبیری هەمووان هێنایەوە، کە ئەوکاتەی مۆرینیۆ کوڕەکەی لە باوەش گرت، چۆن ڕۆژنامەکان ڕەخنەیان لە مۆرینیۆ گرت و کردەوەکەیان بە کارێکی ناڕەوا وەسفکرد!، لەو بارەوە ئەو ڕۆژنامەیە نووسیویەتی «ئێستا دەرکەوت کە ڕۆژنامەکانی ئیسپانیا دووڕووانە مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکان دەکەن و ئەو ڕاستییە ئاشکرابوو کە تەنیا لەبەرئەوەی ڕقیان لە مۆرینیۆ بوو بەو شێوەیە سووکایەتیان پێکرد».

لەبەرئەوە دەچێتە ئینگلتەرا..

# میسی مستەر بینە



**ڕووداوی وەرزشی - سپۆرت**

چەندین ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانی باس لەوە دەکەن، لیونێل میسی ئەستێرەی یانەی بارسیلۆنای ئیسپانی حەزدەکات لە یانەکەی بڕوات و پەیوەندی بە یانەی چێڵسی ئینگلیزییەوە بکات. ڕۆژنامەیەکی بەریتانیش ئاماژە بە 7 هۆکار دەکات کە بە بۆچوونی ئەو لەوانەیە ببنە هۆکاری ڕۆیشتنی میسی بەرەو چێڵسی. ڕۆژنامەی میرۆری ئینگلیزی لە ڕاپۆرتێکدا ئاماژەی بۆ 7 هۆکار کردووە، کە پێیوایە ئەو هۆکارانە وادەکەن میسی حەزی لە ژیان بردنە سەربێت لە ئینگلتەرا.

### کاردانەی توند

هۆکاری یەکەم ئەوەیە ئەگەر یاریزانێک میسی تووڕە بکات، ئەو کاردانەوەی توندی دەبێت، پریمەرلیگیش پڕیەتی لەو جۆرە یاریزانانە، کە یاریزانی تیپی بەرامبەر تووڕە دەکەن.

### تاتۆی میسی

هۆکاری دووەم ئەوەیە میسی تاتۆیەکی ناشیرینی لەسەر قاچی کوتاوە، ئەو جۆرە تاتۆیانەش لە ئینگلتەرا زۆر خۆشەویستن.

### جلی سەیری

ڕۆژنامەکە باس لەوە دەکات هۆکاری سێیەم، جلە سەیرەکانی میسییە، کە لە بۆنە گەورەکاندا لەبەریان دەکات، ئەو جۆرە جلانەش لە ئینگلتەرا زۆر خۆشەویستن، چونکە جۆرێکن لە جلی ئینگلیزی.

### کەناری دەریا

ڕۆژنامەکە دووپاتیدەکاتەوە هۆکاری چوارەم ئەوەیە، میسی وا دەردەکەوێ زۆر لە خودی ئینگلیزەکان ئینگلیزتر بێت، چونکە کاتێک لەسەر کەناری دەریا دادەنیشێت هەست بە بێزاری دەکات و تیشکی خۆر زۆر بە خێرایی جەستەی داخ دەکات.

### مستەر بینە

ڕۆژنامەکە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە هۆکاری پێنجەم ئەوەیە، میسی زۆر حەزی لە گاڵتە و گەپە و زۆر لە مستەر بین و ئەکتەرە کۆمیدییەکانی دیکەی ئینگلتەرا دەچێت.

### مامەڵەکردنی هاندەران

ڕۆژنامەی ناوبراو پێیوایە هۆکاری شەشەم توانای میسییە لە ڕووی مامەڵەکردن لەگەڵ هاندەران، ئەوانەی دادەبەزنە نێو یاریگا بۆ لەباوەشگرتنی، ئەمەش لە ئینگلتەرا زۆر ڕوودەدات.

### یاری پلەیستەیشن

ڕۆژنامەکە دوایین هۆکاری بۆ ئەوە گەڕاندووەتەوە کە میسی زۆر حەزی لە یاری پلەیستەیشنی تۆپی پێ (فیفا)یەو لەگەڵ هاوڕێکانی بەردەوام ئەو یارییە دەکات.

لەگەڵ سەحەر مەشق بە یاریزانانی دەکات..

# ڕاهێنەری شتۆتگارت شێت بووە



**ڕووداوی وەرزشی ـ DW**

هۆپ ستیڤنز، ڕاهێنەری یانەی شتۆتگارتی ئەڵمانی کە ململانێی مانەوە لە بۆندسلیگا دەکات، داوای لە یاریزانەکانی کرد پێش ڕۆژهەڵاتن لە یاریگەی ڕاهێنانەکانی یانەکە ئامادەبن، وەک هەوڵێک بۆ هێشتنەوەی یانەکە لە ڕیزی یانەکانی بۆندسلیگا.

هەرچەندە هێشتا 3 هەفتە بۆ دەستپێکردنی قۆناخی دووەمی بۆندسلیگا ماوە، کەچی ڕاهێنەری هۆڵەندی ستیڤنز داوای لە یاریزانەکانی کردووە پێش ڕۆژهەڵاتن لەخەو هەستن و کاژێر 6.30 خۆیان بۆ ڕاهێنان ئامادەبکەن، هەرچەندە ئەوکاتە بۆ ڕاهێنان سەبارەت بە یاریزانانی پیشەگەری تۆپی پێ کاتێکی باو نییە. بەڵام ستیڤنز پاساو بۆ ئەم کارەی دێنێتەوەو بە ڕۆژنامەنووسانی گوت «ئەوە تەنیا بۆ جەستەی یاریزانەکان باش نییە، بەڵکو بۆ مێشکیشیان باشە، زوو لەخەو هەستان بۆ هەموو کەسێک باشە».

ستیڤنز، بەوە ناسراوە کە ڕاهێنەرێکی توندەو زۆر بایەخ بە دیسپلین دەدات، پێش هەموو یانەکانی دیکەی بۆندسلیگا دەستی بە ڕاهێنانەکان کردووەتەوە، بۆ ئەوەی تیپەکەی لە مەترسی دابەزین ڕزگاربکات. ئەو ڕاهێنەرە، ڕۆبن دۆتی ڕاهێنەری پێشووی یانەی ڤێردەربریمەنی وەک بەڕێوەبەری وەرزشیی دامەزراندووە، بۆ ئەوەی شوێنی فرێدی بۆبیتچ بگرێتەوە. ستیڤنز دەڵێت «پێویستیمان بە هەموو ڕۆژێک و هەموو ڕاهێنانێک هەیە، دەمانەوێ لە خوارەوەی ڕیزبەندی دەرچین، ئەمەش بە ئەنجامدانی کاری قورس دەکرێت».

یانەی شتۆتگارت، کە ساڵی 2007 بۆ دوایینجار نازناوی بۆندسلیگای بەدەستهێناوە، ئێستا لە پلەی 15 دایەو لە زۆربەی گەڕەکانی قۆناخی یەکەم لەو پلانە بوو کە دەبێتە هۆی دابەزینی. شتۆتگارت لەگەڵ ڤێردەربریمەنی خاوەن پلەی 16 خاڵەکانیان وەکیەکە.




باڵانسەکەت کۆتایی هاتووە و دەتەوی پەیوەندی ئەنجام بدەی؟
لەگەڵ خزمەتگوزاری "گفتوگۆکەت تەواو بکە" لە کۆرەک، دەتوانی سوود لە باڵانسی زیادکراو وەرگریت.
- بۆ کاراکردنی خزمەتگوزاری "گفتوگۆکەت تەواو بکە" پەیوەندی بکە بە #202*
- بڕی باڵانسی زیادکراو 600 د.ع.
- هەرکاتێ باڵانسەکەت بۆ جارێکیتر پڕبکەیتەوە ئەوا بڕی باڵانسی زیادکراو لە باڵانسەکەت کەم دەکرێتەوە.
- باڵانسی زیادکراو بۆماوەی 3 ڕۆژ بەردەست دەبێت
- نرخی خزمەتگوزارییەکە 120 د.ع.
- ئەم خزمەتگوزارییە بەردەست دەبێت بۆ سەرجەم بەشداربووانی پریپەید لەنێو تۆڕی کۆرەک
  - دەبێ باڵانسەکەت لە 60 د.ع کەمتر بێت.
  - دەبێ پێشتر هێڵەکەت بەلایەنی کەم 3 جار پڕکردبێتەوە.
  - نابێت بەشداربوو هیچ قەرزێکی دیکە لە ئەستۆ مابێت.

بۆیەبە خەون ببینە

korektel.com
411

ڕووداو وەرزشی
ژمارە (334) سێشەممە 2015/1/13

# خشتەی یارییەکانی هەفتە

## گرنگترین یارییەکانی هەفتە

**جامی ئینگلتەرا** — سێشەممە 2015/1/13 — 11:00
وێستهام — ئێڤەرتۆن

**جامی ئیسپانیا** — پێنجشەممە 2015/1/10 — 11:00
ڕیال مەدرید — ئەتلەتیکۆ مەدرید

**جامی ئاسیا** — هەینی 2015/1/16 — 12:00
عێراق — ژاپۆن

**جامی ئاسیا** — شەممە 2015/1/17 — 12:00
ئۆستراڵیا — کۆریا باشوور

## خولی ئیسپانیا (هەفتەی 19)

هەینی 2015/1/16
10:45 قورتوبە - ئێبار
شەممە 2015/1/17
06:00 ڕیال سۆسیداد - ڕایۆ ڤالیکانۆ
08:00 ڤالنسیا - ئەلمێریا
10:00 ڤیاریال - ئەتلەتیک بلباو
12:00 ئیسپانیۆل - سێلتاڤیگۆ
یەکشەممە 2015/1/18
02:00 خیتافی - ڕیال مەدرید
07:00 ئەتلەتیکۆ مەدرید - غەرناتە
09:00 دیپۆرتیڤۆ - بارسێلۆنا
11:00 سڤیلیا - مەلەگە
11:00 ئێلچێ - لیڤانتی

| خاڵ | یانە |
| --- | --- |
| 42 | 1 - ڕیال مەدرید |
| 41 | 2 - بارسێلۆنا |
| 38 | 3 - ئەتلەتیکۆ مەدرید |
| 36 | 4 - سڤیلیا |
| 35 | 5 - ڤالنسیا |
| 32 | 6 - ڤیاریال |
| 31 | 7 - مەلەگە |
| 26 | 8 - ئێبار |
| 21 | 9 - سێلتاڤیگۆ |
| 20 | 10 - ئیسپانیۆل |

| گۆڵ | یانە | گۆڵکاران |
| --- | --- | --- |
| 26 | ڕیال مەدرید | 1 - کریستیانۆ |
| 16 | بارسێلۆنا | 2 - میسی |
| 12 | بارسێلۆنا | 3 - نیمار |
| 10 | سڤیلیا | 4 - باکا |
| 8 | ڕیال مەدرید | 5 - بنزیمە |

## خولی ئینگلتەرا (هەفتەی 22)

شەممە 2015/1/17
06:00 ئەستۆن ڤیلا - لیڤەرپووڵ
06:00 بێرنلی - کریستاڵ پالاس
06:00 لیستەر سیتی - ستۆک سیتی
06:00 کۆینز پارک ڕێنجەرز - مانچستەر یونایتد
06:00 سوانزی سیتی - چێلسی
06:00 تۆتنهام - سەندرلاند
08:30 نیوکاسل - ساوسهامپتۆن
یەکشەممە 2015/1/18
04:30 وێستهام - هاڵ سیتی
07:00 مانچستەر سیتی - ئارسناڵ
دووشەممە 2015/1/19
11:00 ئێڤەرتۆن - وێست برۆمیچ

| خاڵ | یانە |
| --- | --- |
| 49 | 1 - چێلسی |
| 47 | 2 - مانچستەر سیتی |
| 39 | 3 - ساوسهامپتۆن |
| 37 | 4 - مانچستەر یونایتد |
| 36 | 5 - ئارسناڵ |
| 34 | 6 - تۆتنهام |
| 33 | 7 - وێستهام |
| 32 | 8 - لیڤەرپووڵ |
| 30 | 9 - سوانزی سیتی |
| 27 | 10 - نیوکاسل |

| گۆڵ | یانە | گۆڵکاران |
| --- | --- | --- |
| 15 | چێلسی | 1 - کۆستا |
| 14 | مانچستەرسیتی | 2 - ئەگوێرۆ |
| 13 | کۆینز پارک | 3 - ئۆستن |
| 12 | ڕێنجەرز ئارسناڵ | 4 - سانچێز |
| 9 | ساوسهامپتۆن | 5 - پێلی یانە |

## خولی ئیتاڵیا (هەفتەی 19)

شەممە 2015/1/17
08:00 ئیمپۆلی - ئینتەرمیلان
10:45 پالێرمۆ - ڕۆما
یەکشەممە 2015/1/18
02:30 لازیۆ - ناپۆلی
05:00 جینۆڤا - تۆرینۆ
05:00 کییڤۆ - فیۆرەنتینا
05:00 جەنەوا - ساسۆلۆ
05:00 میلان - ئاتالانتا
05:00 پارما - سامپادۆریا
05:00 ئۆدینێزێ - کالیاری
10:45 یوڤانتۆس - ڤیرۆنا

| خاڵ | یانە |
| --- | --- |
| 43 | 1 - یوڤانتۆس |
| 40 | 2 - ڕۆما |
| 31 | 3 - لازیۆ |
| 30 | 4 - ناپۆلی |
| 30 | 5 - سامپادۆریا |
| 27 | 6 - فیۆرەنتینا |
| 27 | 7 - جەنەوا |
| 26 | 8 - میلان |
| 25 | 9 - ئینتەرمیلان |
| 25 | 10 - پالێرمۆ |

| گۆڵ | یانە | گۆڵکاران |
| --- | --- | --- |
| 11 | یوڤانتۆس | 1 - تیڤێز |
| 10 | ئینتەرمیلان | 2 - ئیکاردی |
| 9 | ناپۆلی | 3 - هیگواین |
| 9 | ناپۆلی | 4 - کالیخۆن |
| 9 | میلان | 5 - مینێزیانە |

## خولی فەرەنسا (هەفتەی 21)

هەینی 2015/1/16
10:30 بۆردۆ - نیس
شەممە 2015/1/17
07:00 لانس - لیۆن
10:00 تۆلۆز - باستیا
10:00 لۆریان - لیل
10:00 میتز - مۆنبلییە
10:00 مۆناکۆ - نانت
10:00 کان - ڕیمس
یەکشەممە 2015/1/18
04:00 پاریس سانجێرمان - ئیڤیان
07:00 ڕین - سانت ئیتیان
07:00 مارسیلیا - گانگان

| خاڵ | یانە |
| --- | --- |
| 42 | 1 - لیۆن |
| 41 | 2 - مارسیلیا |
| 39 | 3 - سانت ئیتیان |
| 38 | 4 - پاریس سانجێرمان |
| 33 | 5 - مۆناکۆ |
| 32 | 6 - بۆردۆ |
| 31 | 7 - نانت |
| 29 | 8 - مۆنبلییە |
| 29 | 9 - ڕین |
| 28 | 10 - ڕیمس |

| گۆڵ | یانە | گۆڵکاران |
| --- | --- | --- |
| 20 | لیۆن | 1 - لاکازێتی |
| 12 | مارسیلیا | 2 - جینیاک |
| 8 | پاریس سانجێرمان | 3 - ئیبراهیمۆڤیچ |
| 8 | بۆردۆ | 4 - دیاباتێ |
| 8 | تۆلۆز | 5 - وسام |

## خولی کوردستان (هەفتەی 12)

پێنجشەممەو هەینی 15 و 2015/1/16
02:30 پێشمەرگەی سلێمانی - پێشمەرگەی هەولێر
02:30 زاخۆ - زێرەڤانی
02:30 نەورۆز - ئارارات
02:30 سلێمانی - شێروانە
02:30 برایەتی - دهۆک
02:30 مندەرین - کەرکووک

| خاڵ | یانە |
| --- | --- |
| 22 | 1 - دهۆک |
| 22 | 2 - زێرەڤانی |
| 19 | 3 - زاخۆ |
| 16 | 4 - نەورۆز |
| 13 | 5 - سلێمانی |
| 13 | 6 - پێشمەرگەی هەولێر |
| 12 | 7 - برایەتی |
| 12 | 8 - ئارارات |
| 11 | 9 - هەولێر |
| 10 | 10 - شێروانە |
| 9 | 11 - مندەرین |
| 9 | 12 - کەرکووک |
| 4 | 13 - پێشمەرگەی سلێمانی |
| 0 | 14 - بروسک |

## جامی نەتەوەکانی ئاسیا

(قۆناخی یەکەم)

سێشەممە 2015/1/13
10:00 کوێت - کۆریای باشوور
12:00 عومان - ئۆستراڵیا
چوارشەممە 2015/1/14
10:00 کۆریای باکوور - سعودیە
12:00 چین - ئۆزبەکستان
پێنجشەممە 2015/1/15
10:00 بەحرین - ئیمارات
12:00 ئێران - قەتەر
هەینی 2015/1/16
10:00 فەلەستین - ئوردن
12:00 عێراق - ژاپۆن
شەممە 2015/1/17
12:00 ئۆستراڵیا - کۆریا باشوور
12:00 عومان - کوێت
یەکشەممە 2015/1/18
12:00 چین - کۆریای باکوور
12:00 ئۆزبەکستان - سعودیە
دووشەممە 2015/1/19
12:00 قەتەر - بەحرین
12:00 ئێران - ئیمارات
سێشەممە 2015/1/20
12:00 عێراق - فەلەستین
12:00 ژاپۆن - ئوردن

## جامی شای ئیسپانیا

قۆناخی 16 (یاری گەڕانەوە)

سێشەممە 2015/1/13
10:00 ئیسپانیۆل - ڤالنسیا
12:00 لیڤانتی - مەلەگە
چوارشەممە 2015/1/14
10:00 ئەتلەتیک بلباو - سێلتاڤیگۆ
10:00 ڕیال سۆسیداد - ڤیاریال
10:00 خیتافی - ئەلمێریا
12:00 سڤیلیا - غەرناتە
پێنجشەممە 2015/1/15
10:00 ڕیال مەدرید - ئەتلەتیکۆ مەدرید
12:00 ئێلچێ - بارسێلۆنا


**خولی ئیسپانیا** — یەکشەممە 2015/1/18 — 11:00
مەلەگە — سڤیلیا

**خولی ئینگلتەرا** — یەکشەممە 2015/1/18 — 07:00
ئارسناڵ — مانچستەر سیتی

**خولی ئیتاڵیا** — یەکشەممە 2015/1/18 — 02:30
ناپۆلی — لازیۆ

**خولی ئینگلتەرا** — شەممە 2015/1/17 — 06:00
چێلسی — سوانزی سیتی

رووداو وەرزشی
ژمارە (334) سێشەممە 2015/1/13



142

گۆڤاری فکاینز ئەفاریزی سوێدی ئاشکرایکرد کە زلاتان ئیبراهیمۆڤیچی ئەستێرەی هەڵبژاردەی سوێد و یانەی پاریس سانجێرمانی فەرەنسی چووە ریزی گەورە دەوڵەمەندەکانی ئەو وڵاتەو لەو بارەوە نووسیویەتی «ناوی ئیبراهیمۆڤیچ چووە نێو لیستی کەسە دەوڵەمەندەکانی سوێد و لەنێو سەرجەم دەوڵەمەندەکانی ئەو وڵاتەدا پلەی 142 وەرگرت، ئەو لەگەڵ 17 کەسی دیکە بۆ یەکەمینجار ناویان کەوتە نێو لیستەکە». ئەو گۆڤارە هەموو ئەو دەوڵەمەندانەی هەڵبژاردووە کە سامانەکەیان لە یەک ملیار کرۆنە، واتە 105 ملیۆن یۆرۆ رەتیداوە.



ڕێبوار محەممەد

# کێ دەڵێ کێشەکەی ریال لەوەی بارسا گەورەتر نییە؟

دەڵێن کاتێک سەرکەوتنەکان بەدەستدێن، کەموکورتی و کێشەکان دەشارنەوە، ئەوە فەلسەفەی یەکەمی تۆپی پێیە، ئەوکاتەی تیپەکان دەبەنەوە، ئیدی کەسێک باسی کێشەکان ناکات، چونکە بردنەوە باوکی زۆرە وەک گوتویانە.

پێچەوانەی ئەوەش ئەوەیە کاتێک تیپ دەدۆڕێت، کێشەکان سەرهەڵدەدەن، ناکۆکییەکان دێنە پێشەوەو دەردەکەوێت و کەی و چۆن و کێ بەگژی کێدا دەچێت؟ ئەوە رێک ئەوەیە کە بەسەر یانەی ریال مەدریدا هاتووە، بۆیەش هەقی خۆیەتی لەم سەرەتایەوە بپرسم کێ دەڵێ کێشەکەی ریال مەدرید لەوەی بارسا گەورەتر نییە؟

میدیای جیهانی هەفتەیەک بە کێشەکانی بارساوە سەرقاڵی کردین، ناکۆکی دوای ناکۆکی و یاخیبوون و تووڕەیی و دۆڕانەکانیش هێندەی دیکە گۆمەکەیان قوڵکردەوە، وەلێ کاتێک بارسا لە ئاتلێتیکۆی بردەوە، جیا لەو ئاستە بەرزەی تیپەکە لە یارییەکەدا پێشانیدا، ئەو بردنەوەیە بووە سارێژی برینەکانی یانەکە وەک ئەوەی نەیمار گوتی.

ریال مەدرید دوو یاری لەسەریەک دۆڕان، بەوەی میلانەوە سێ، هەلی خۆی لە جامی شادا زۆر لاوازکرد، ئیدی دەرکەوت ئەو یانەیە کێشەیەی هەیە و کێشەکانیشی زۆرن.

کێشەکانی ریال مەدرید دیارە لەسەرەتای ساڵەوە هەبوون، بەڵام بردنەوەکان شاردوویاننەتەوە، دەنا یەدەگەکەی ریال زۆر لە ئاستی سەرەکییەکانی دوورە، بەڵام بردنەوەکان هەندێکیان گەیاندبووە ئەو باوەڕەی ئێستای ئەو یانەیە بە بارسای 2011 بەراوردی بکەن.

لەماوەی ئەو دوو دۆڕانەدا کە بەرۆکی ریال مەدریدی گرت و هەندێک بۆ دابەزینی توانای جەستەیی یاریزانەکانیان گێڕایەوە، دەرکەوت یەدەگی ریال مەدرید یەدەگێکی زۆر لاوازە، ئەو یەدەگەیە کە تەنیا دوای پێشکەوتنی تیپەکە بە چەند گۆڵێک دەکرێ لە ناو یاریگەدا سوودیان لێوەربگیرێت، دەنا یەدەگێکی بێ ئاستی وەک ئەوەی ریال مەدرید ناتوانێ یانەکە لەو کێشانە دەرباز بکات کە تێیدەکەوێت.

ئەگەر ئەوە یەک لە کێشەکان بێت، کێشەیەکی زۆر گەورەتر ئەوەیە کە لە نێوانی بەیڵ و رۆناڵدۆدا روودەدات، بەیڵ لەسەرەتاوە بە سێبەری دۆن رازی بوو، بەڵام نیشانەکانی یاخیبوونی تێدا دەرکەوتووە.

ئەوە چەند یارییەکە رۆناڵدۆ زۆر تووڕەدەبێت، چونکە بەیڵ پاسی ناداتێ و لایەنگرانی یانە مەدریدییەکەی بەسەر دوو بەرەدا دابەشکردووە، هەندێک رۆناڵدۆ بەلەسەر هەق دەزانن و ئەوانە زۆرینەن، کەمینەکەش پێیان وایە ئایندەی یانەکە بۆ بەیڵە و دەبێ هەلی زۆر لەوەی ئێستا زیاتری پێبدرێت.

دروستبوونی ئیرەیی و پێشبڕکێی نێوان دوو یاریزان بە دوو دیودا کاریگەریی دادەنێت، جارێک لە سوودی تیپەکەیە و دەیان جاریش لە دژیەتی، چونکە بە تایبەت ئەوەی لە ریال مەدریدی ئێستادا دەبینرێت ئەوەیە کە زۆرجار خۆپەرستییەکانی بەیڵ، خاڵەکان لە دەستی ریال مەدرید دەدەن، یارییەکەی ڤالێنسیا و ئاتێتیکۆش گەواهی ئەوە دەدەن، خۆ بردنەوە لە ئیسپانیۆل ئاماژە نییە بۆ باشبوونەوەی تیپەکە، چونکە ئیسپانیۆل ئەو هێزەی نەبوو نیشانەی گەڕانەوەی ریال مەدرید بۆ دۆخی پێشووی پێشان بدات.

ئەم کێشانە ئەگەر چارەسەر نەبن، گەورەتر دەبن کە گەورەتریش بوون، بێگومان دەتەقنەوە، کێ دەڵێ ئێستا لە نێوخۆی ریال مەدریدا نەتەقیوەتەوە و ئەو دوو دۆڕانەش ئەنجامی ئەو تەقینەوەیە نین؟

کێشەکە هەیە و نکوڵی لێناکرێت، بەیڵیش هەق بێت یان نا خۆپەرستی پێشاندەدات، ئەنچیلۆتیش دانیپێدانا وگوتی من چارەسەرم پێیە بۆی. ئاماژەیەکیش لە چارەسەرییەکە لەوەدابوو کە لێدانە راستەوخۆکەی ناو یارییەکەی بە بەیڵ جێبەجێکرد و گۆڵی دووەمی تیپەکەی لەو یارییەدا لێدروستکرد، لە کاتێکدا رۆناڵدۆ لەسەر تۆپەکە وەستابوو سەیری دەکرد چۆن هاوڕێ رکابەرەکەی گۆڵ دەکات!!.

دەیەوێ پێش حاجی متوەلی بکەوێت..

# نیمار 10 ژن دێنێت



**رووداوی وەرزشی ـ SAMBA**

زۆربەی یاریزانانی تۆپی پێ خاوەن ناوبانگێکی جیهانین و چاوی جەماوەر و هەوادارنیان لەسەرە، بۆیە دەبێت زۆر بە ئاگاوە مامەڵە بکەن و شتی ناڕەوا نەڵێن، چونکە دەزگاکانی راگەیاندن بەردەوام بۆیان لە بۆسە دان، نیمار دا سیلڤای ئەستێرەی بەرازیلی و هێرشبەری یانەی بارسێلۆنای ئیسپانیش یەکێکە لەوانە.

هەواڵەکان باس لەوە دەکەن کە نیمار نیازی خۆی دەربڕیووە 10 ژن بهێنێت، بەڵام ئەو واینەگوتووە، ئەوەی روویدا نیمار رەتیکردووەتەوە پەیوەندی لەگەڵ خانمە پارێزەری ئیسپانی ئەلیزابێس مارتینێز هەبێت. نیمار لە پەیجی خۆی لەسەر تویتەر نوسیبووی «ئەگەر ئەو هەموو هەواڵانەی من راست بن، کە پەیوەندی سۆزداریم لەگەڵ خانمان دووپاتدەکەنەوە، ئەوکات ناچار دەبووم لە وڵاتێک بژیم کە رێگە بە پیاو بدات لە ماڵەکەی خۆی لەگەڵ 10 ئافرەت بژیت». نیمار بۆ ئەوەی بوو کەشێکی خۆش بۆ لایەنگرانی خۆی لەسەر تویتەر دروست بکات و ناڕاستی ئەو هەواڵانەش دووپاتبکاتەوە کە رۆژانە پەیوەندی ئەو لەگەڵ کچێک بۆ هەڵدەبەستن.

ئەلیزابێس مارتینێز، خانمە پارێزەری ئیسپانی، کە تەمەنی 26 ساڵەو بەوە ناسراوە شەیدای یانەی بارسێلۆنایە، دوایین کچە کە بوونی پەیوەندی خۆی لەگەڵ نیمار دووپاتکردبێتەوە، بەڵام نیمار هەر زوو نیازی خۆی لە تویتی یەکەم راگەیاند و بە تویتێکی دیکە رایگەیاند «من گاڵتەم دەکرد».




شەش کۆبۆنی یەک بەدوای یەک، واتا هی شەش ژمارەی لە دوای یەک بە ناو و ژمارەی تەلەفۆنی خۆت پڕ بکەرەوە و بیگەڕێنەرەوە بۆ ئەو شوێنەی (رووداوی وەرزشی) ت لێکڕیوە، بەو جۆرە لەتیروپشکی بردنەوەی لۆتۆی رووداوی وەرزشی بەشداربە.

**خەڵاتەکان خەڵاتەکان**

1 ـ ئامێری رۆیشتنی کارەبایی .
2 ـ تەلەڤزیۆنی LCD .
3 ـ کۆمپیوتەری لاپتۆپ .
4 ـ کۆمپیوتەری لاپتۆپ .
5 ـ مۆبایل.









رووداو وەرزشی
رۆژنامەیەکی هەفتانەیە کۆمپانیای رووداو بە سپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم، هەموو رۆژانی سێشەممە دەریدەکات
لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارەی متمانەی (160) تۆمارکراوە

سەرنووسەر: ئیحسان تاهیر محەممەد
ehsanjornalist@yahoo.com - 0750 454 71 68
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرگەیی
بەڕێوبەری هونەری: حوسێن هیممەتی
دیزاینەران : هونەر مەرجان . شاهۆ محەممەد

رووداو هەمووومان گەنجتر دەکاتەوە
www.rudaw.net
هەموو دووشەممەیەک
رووداو
بخوێنەوە